# سێکس و چێژ

د . سابیر بۆكانی/ دكتۆرا دەروونناسی ، زانكۆی سلیمانی

2008/8/4

ئەگەر ئامانج لە پرۆسەی سێکسیدا، تەنها زاوزێ و وەچەخستنەوە بووایە، دەبووایە جۆری مرۆڤایەتیش وەکو زۆریك لە میروومەکان، یەکجار نێر و مێ جووت بوونایەو پاشان نێرەکە کۆچی بکردایە و یان وەك ژەمەخواردنێك مییەکە بیخواردباو زەرورەتی بوونی نەمایە بە پێچەوانەی تەواوی گیانلەبەرانەوە، لەلای مرۆڤ ئامانجی سەرەکی لە پرۆسەی جووت بوونی سێکسیدا، چیژ وەرگرتنە نەك زاوزی، ریگاکانی وەرگرتنی چێژی سێکسی لە نێوان نێر و میێ مرۆڤدا، یاخود لەلای هەر یەکیکیان دوور لەویتر، زۆر و هەمەرەنگن، تەنها زاوزییە، یەك رەنگە و یەك رێگای هەیە و زۆرجاریش دەبێتە ریگرو چێژی وەرگیراو کەمدەکاتەوە و نایەیلێت، پاڵنەری سێکسی مرۆڤ دەرئەنجامی گۆرانکارییە فسیۆلۆژییە لە پێکهاتەی کیمیایی هۆرمۆنەکانی



جەستەدا و لەلای پیاو، ئەوەندەی بە هۆی هاندەرو کارتیکەریی دەرەکییەوە دەوروژیت، ئەوەندە لە پێویستی ناوەکییەوە سەرچاوە ناگرێت لەوانەیە وروژینەریکی سێکسی (بینراو، بیستراو، بۆنکراو یان وروژاندنی راستەوخۆی ناوچەیەکی سێکسی جەستە) بەس بن بۆ ئەوەی تاکەکەس بۆ لای سێکس کیش بکریت، بەبێ ئەوەی پشت بە ئەندیشەوویناکردنی میشك ببەستریت لەمەشدا هەموو کەسەکان وەکو یەك نین، هەتا ئەزموون و شارەزایی تاکەکەس زۆرتر بێت، ئەوا کاریگەریی ئەندیشەو فەنتازیای وروژاندنی سێکسی زیاتر دەبیت، شایانی باسە لە پاڵنەریی سێکسدا بچوکترین و کەمترین ئەندیشەو فەنتازیاو وینای خەیاڵی، پییان دەکرێت و دەتوانن پاڵنەری سێکسی پیاو بوروژینن، بەڵام ژن بە ئەندیشەو خەیاڵیکی قوڵترو ویناکردنی زۆرتر دەوروژیت، سەرباری پیویست بوونی راستەوخۆی بە وروژاندنی ئەندام و ناوچەی سێکسی لەجەستەیدا، ئەو ئامانجەی لە پشت فشاری سێکسییەوەیە، رزگار بوونە لە نائارامی و شڵەژانی ئەندامی بۆیە بابەتەکەی گشتییە، فشاری پاڵنەری سیکس نابینایەو وەکو بابەت، کەسێك لە یەکیکیتر جیاناکاتەوە، کاتیکیش کە بوروژیت و لە پێناوی تیرکردندا، ئامادەیە هەر شتیك کە دەستی دەکەوێت، بیکات بەبابەت بابەتی هەڵبژیردراو، تەنها لەکاتی وروژاندنی کورتخایەندا دڵگیرو ویستراوەو دواتر تاماوەیەکی نیمچە دریژ، خەسڵەتی دڵگیری و ویستراوی لە دەستدەدات لەپاش تیربوون تەواوی ماسولکە خرۆشاوەکان خاودەبنەوەو لە داهاتوودا ناتوانرێت تام وچێژی

تیربوونەکە بگەڕێنریتەوە ئەو پاڵنەرە فشار ئامیزە و دابران و مانەوەی بەتێرنەکراوی، ئەبێتە هۆی ژان و ئازارو ناڵین و تێکدانی باری بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی کەسەکە زۆرجار پیاو بۆ تیرکردنی سیکس و وەرگرتنی چیژ، لە هاوسەرەکەیەوە دەچێت بۆ ژنیکیتر (ئەمە لەبەر هۆکاری بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە، بە دەگمەن لەلای ژن روودەدات)، هۆکاری ئەم لادانەش تێر نەبوون و سەرچڵی و تۆڵەکردنەوەو هەڵاتن لە ئارەزووی هاورەگەزیی و چێژی تابۆکراوەکانن، رەنگە پەیوەندی بەکەمی چێژی سێکسی وەرگیراویشەوە هەبێت، چونکە ئەو چێژەی لە پرۆسەی سێکسیدا، ژن لە پیاوێکی وەردەگریت، مەزنترە لەو چێژەی پیاو لییوەردەگریت ژن لە پرۆسەی سێکسیدا چێژ وەرناگرێت ئەگەر دڵنیا نەبیت لەوەی خۆشویستراوە، ئەم مەرجەیان لای پیاو نییە و لەلای ئەو پاڵنەری سێکسی، تاکەکەسی و تایبەت و (لاشخیی) نییە، بۆیە پیاو هەموو ژنیکیتری خۆشدەویت و لەگەڵیدا ئاسوودە دەبێت ئەگەر ژنە خۆشەویستەکەی، لیی دوور بوو بابەت لە سێکسدا دەگۆریت بەڵام لە خۆشەویستیدا گۆڕان قبوڵ ناکات، ئەمەیە خاڵی جەوهەریی جیاوازیی نێوان خۆشەویستی و سێکس، لە تێربوونی لە پرۆسەی سێکسیدا، پیاو ئارەزووی لە چێژی هەمەجۆرە، ئەمە هۆکاریکی سەرەکییە بۆ فرەژنی یاخود لە دەرەوەی هاوسەرگیریی کە دەچیتە لای ژنیتر، یان گرتنەبەری هەر رێگایەك کە بچێتە خانەی لادانە سێکسییەکانەوە رەنگە هیچ کام لە مانەش نەکات بەڵام هەردەم باری دەروونی شێواو و شڵەژاو بێت ژن لە بەرانبەر ئەم کێشەیەیدا پێویستی بەوەیە لە پرۆسەی سێکسیدا بەرکاری سارد وسڕ نەبی و هەموو جارێك ژنیکیتر بیت و خۆی هەمەجۆر بخاتەروو بەمە راستیی وتەکەی نووسەری نەمسایی ئەلفیرد بۆگار دەسەلمینیت کە دەڵێت:.

فرەژن زۆر کەمەو یەك ژنیش، زۆر زۆرە ئەو پیاوەی لەژنیك تیبگات، توانیویەتی لە هەموو ژنێك تێبگات لە پرۆسەی سێکسی تەندروستدا، بۆ وەرگرتنی چێژی سێکسی و تیربوون، بۆ هاوسەنگی بایۆلۆژی و هۆرمۆنی یەك ژن بۆ پیاوێك زۆرە نەك زۆر ژن بۆ پیاویك کەم بیت.